سەرۆك كۆمار جەخت لەسەر پتەوكردنی پەیوەندییەكانی نێوان عێراق و دانمارك دەكاتەوە



سەرۆك كۆمار، عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید، ئەمڕۆ پێنجشەممە، پێداگری لەسەر پەیوستی پتەوكردنی پەیوەندییەكانی نێوان عێراق و دانمارك لە بوارەكانی بەرژەوەندی هاوبەشدا كرد.

لە ڕاگەیەندراوێكی سەرۆكایەتی كۆماردا هاتووە، سەرۆكی كۆمار، عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید، لە كۆشكی بەغدا پێشوازی لە كریستیان تەرنینگ باییزی دانیمارك لە عێراق كرد .

لە میانی دیدارەكەدا سەرۆك كۆمار جەختی لە پەیوستی پتەوكردنی پەیوەندییەكانی نێوان عێراق و دانیمارك لە بوارەكانی بەرژەوەندی هاوبەش بە شێوەیەك كردەوە كە بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوو گەلی دەست بەدەستبەهێنێت.

ناوبراو ئاماژەی بە گرنگی هاوكاری و هەماهەنگی نێوان هەردوو وڵات بە پشتیوانی لە هەوڵە نوێدەوەتییەكان لە دامەزراندنی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەیی و نێودەوڵەتی كرد.

لای خۆیەوە باییزی دانیمارك دووپاتكردەوە كە پشتیوانی وڵاتەكەی بە هەوڵەكانی عێراق بۆ چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری وڵاتەكەی، و پڕەشی بە چەسپاندنی پەیوەندییە دۆستانە و هاوكارییەكان بە شێوەیەك كە خزمەت بە خواستەكانی گەلانی عێراق و دانیمارکی بكات.

هەروەها كریستیان تەرنینگ پێشكێشكردنەكەی سەبارەت بە دەستەلكارکێشانەوەی شاژن مارگریتی دووەم لە

تەختی پاشایەتی بۆ شازادەی جێنشین فرەدریك هەنریك و مەراسیمی تاجە گوێنەی داهاتوو پێشکەش کرد.